# ڕاوکەری گەنج



ئارام کەماڵ مەحمود

زۆر جار هەست دەکەم گرفتەکانی کۆمەڵگا تایبەتن بە تاقمێك ، نموونەی یەکێك لەو تاقمانە گەنجە ، کە لەم وڵاتەی خۆماندا لە زۆر شت دەست بەردار بووە . سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتیەش گیرۆدەی هەزار کێشە و گرفت بووە ، ئەوەی من دەمەوێت لەسەری بدوێم ، هۆگربوونی لاوەکانمانە بە مادەی بێهۆشکەر .

کە ماوەیەکە ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەربلاو لە کوردستان بلاوبۆتەوە. چ بە خواردنی حەب یان بە خواردنی سیکۆتین و بەکارهێنانی دەرزی و کۆکایین و چەندین جۆری تر. هەرچەندە حکومەت بە شێوەیەکی ڕەسمی قەدەغەی کردووە و سزای بۆ ئەو کەسە داناوە کە بەکاری دەهێنێت یان بازرگانی پێوە دەکات .

هۆی بلاوبونەوەی ئەم دیاردەیە ، بێکاری لە رادەبەری لاوان و تەرخان نەکردنی پێداویستیەکانی کاتی پشودانی لاوان ، بێ دەسەڵاتی دایك و باوك لەسەر چاودێری پەروەردەیی ، تەوژمی نەخۆشی ڕوحیيە. هەرچەندە هۆی سەرەکی نەبوونی چاودێرێیەکی توندە لەسەر سنورەکان ، چونکە حکومەتە بە ناو ئیسلامیەکەی ئێران هیچ ئیجرائاتێکی نییە لەسەر ئەم دیاردەیە، بۆئەوەی کە لاوانی ئەوێی پێ سەرگەرم بکات و نرخیشی هەرزان کردووە و تەنانەت ڕێگاشی خۆش کردووە بۆ سەر سنوورەکان بە ئاسانی بگوێزرێنەوە بە تایبەتی سنووری کوردستانی عێراق .

بۆیە پێویستە زۆرتر لە لاوانمان نزیك بینەوە و وەکو ڕێنمایەك هەموو کات لە تەوژمی گورگی ئەم مادانە ئاگاریان بکەینەوە.

ماوەتەوە بڵێم موعتاد بوون لەسەرەتادا زۆر بە ئاسانی و هەرزانی ڕوودەدات، تا ڕادەیەك ماڵ و غیرەت و شەرەف لە رێیدا دادەنێت تا دوا قۆناغەکانی دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ مەرگدا .

ئەگەر حکومەت ڕێگا لەم دیاردەیە نەگرێت و چاودێرێیەکی توند نەخاتە سەری ، ئەوا موعتاد بەرزو بەرزتر دەبێتەوە.

تکایە حکومەت ڕەحمێ بە گەنجەکانمان بکەن با لە ڕێی ئەم دەردە نەفەوتێن . ▌